ص: 1-17
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ئەرکی پارتیکڵ لە ڕستەدا بەپێی تیۆری (ئێکس-باڕ)

مستەفا ڕەزا مستەفا[1]، بێگەرد عەلی عارف[2]

[1,2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، سلێمانی، عێراق

Email: mustafa.mustafa@chu.edu.iq[1], begard.ali@chu.edu.iq[2]

**پوختە:**

دیاردەی پارتیکڵ (particle) لە سینتاکسی کوردیدا، بە تایبەت کاتێک لە چوارچێوەی ئەرکی سینتاکسیدا (syntactic functionalism)ڕوونەکرێتەوە. پارتیکڵەکان وەک مۆرفیمی ئازاد (free morphemes)، کە خاوەنی ئەرکی سینتاکسی دیاریکراون، بەشێکی گرنگی پرۆژەی تەواوکەری ڕستە (complementation) لە کوردیدا پێکدەهێنن. ئەم توخمە مۆرفۆسینتاکسییانە، کە زۆربەیان خاوەنی تایبەتمەندیی ڕێزمانیgrammatical properties) ) وەک دۆخ (case)، بار/حاڵەت (mood)و کات (tense) نین، بەڵام ڕۆڵی بنەڕەتییان لە دروستکردنی پەیوەندی واتایی، ڕێزمانی و پراگماتیکی نێوان کۆنستێکستەکانی ڕستەدا هەیە. سەرەڕای ئەم ئەرکە گرنگ و سەرەکییانە، پارتیکڵەکان کەمتر بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی سیستەماتیک و تیۆری-بنەمای زمانەوانیی کوردی. توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ پارتیکڵەکان چ ئەرکێکی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا دەگێڕن و تا چ ڕادەیەک پێکهاتە و واتای ڕستە بە ئامادەبوون یان نەبوونیان دەگۆڕێت؟ چۆن دەکرێت پارتیکڵەکان لە ڕوانگەی ئەرکییەوە پۆلێن بکرێن؟ بۆیە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر لایەنی ئەرکیی پارتیکڵ لە ڕستەی کوردیدا، بەپێی تیۆری (ئێکس – باڕ) کردووە، بەپێی ئەنجام و ڕێرەوی توێژینەوەکەش دەرکەوتووە، کە بەشێك لە پارتیکڵەکان ئەرکی جیاواز لە ڕستەدا دەبینن.

**کلیلەوشە:** (پارتیکڵ، تیۆری ئێکس-باڕ، ئەرکی سینتاکسی، فرێزی تەواوکەری).

**الملخص:**

تعد ظاهرة الأدوات (particles) في النحو الكردي، خاصة عند تفسيرها ضمن إطار الوظيفية النحوية (syntactic functionalism)، مجالا: هما للدراسة. تشكل الأدوات كمورفيمات حرة ذات وظائف نحوية محددة جزءاً مهماً من مشروع تكميل الجملة في اللغة الكردية. هذه العناصر المورفونحوية، التي تفتقر معظمها إلى الخصائص النحوية مثل الحالة الإعرابية والصيغة والزمن، تلعب مع ذلك دوراً أساسيا في خلق العلاقات الدلالية والنحوية والتداولية بين سياقات الجملة. وعلى الرغم من هذه الوظائف المهمة والأساسية، نادراً ما كانت الأدوات موضوعاً للبحث النظامي والقائم على النظرية في اللسانيات الكردية. تحاول هذه الدراسة الإجابة على الأسئلة التالية: ما هي الوظيفة النحوية التي تؤديها الأدوات في اللغة الكردية، وإلى أي مدى تتغير بنية ومعنى الجمل بوجودها أو غيابها؟ كيف يمكن تصنيف الأدوات من منظور وظيفي؟ لذلك، ركز هذا البحث على الجانب الوظيفي للأدوات في الجمل الكردية وفقاً لنظرية إكس-بار. وبناءً على نتائج ومسار البحث، اتضح أن الأدوات المختلفة تؤدي وظائف متنوعة داخل الجمل.

**الكلمات المفتاحية:** الأدوات، نظرية إكس-بار، الوظيفة النحوية، عبارة المكمل.

**Abstract:**

The phenomenon of particles in Kurdish syntax, especially when explained within the framework of syntactic functionalism, is a significant area of study. Particles as free morphemes with specific syntactic functions constitute an important part of sentence complementation in Kurdish. These morphosyntactic elements, most of which lack grammatical properties such as case, mood, and tense, nevertheless play a fundamental role in creating semantic, grammatical, and pragmatic relationships between sentence contexts. Despite these important and essential functions, particles have rarely been the subject of systematic and theory-based Kurdish linguistic research. This study attempts to answer these questions: What syntactic function do particles serve in the Kurdish language, and to what


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

extent does the structure and meaning of sentences change with their presence or absence? How can particles be classified from a functional perspective? Therefore, this research has focused on the functional aspect of particles in Kurdish sentences according to X-bar theory. Based on the results and course of the research, it has become evident that different particles perform various functions within sentences.

**Keywords:** Particles, X-bar Theory, Syntactic Function, Complementizer Phrase.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی " ئەرکی پارتیکڵ لە ڕستەدا بەپێی تیۆری (ئێکس-باڕ)ە"، هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر پارتیکڵەکانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا، چۆنێتی کارکردنیان و ئەو ئەرکانەی، کە لە دروستەی ڕستەدا جێبەجێیان دەکەن، شیبکاتەوە.

**هۆ و ئامانجی توێژینەوەکە**

هۆی بنەڕەتیی لە هەڵبژاردن و کارکردن لەسەر ئەرکی پارتیکڵەکانی زمانی کوردی ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی پارتیکڵ لەم زمانەدا کارێکی سەربەخۆ و هەمەلایەنی لەسەر نەکراوە، چ لە ڕوانگەی ئەرکەوە، چ لە ڕوانگەی واتاوە، بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگ بوو، کە کارێکی سەربەخۆ و بەپێی تیۆرییەکی دیاریکراو (ئێکس-باڕ) لەسەر پارتیکڵەکانی زمانی کوردی بکات، هەر ئەمەش ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بوو، کە لە ئەم ڕێگەیەوە بتوانرێت لایەنە نادیارەکانی (ئەرکی پارتیکڵ لە سینتاکسی کوردیدا) بخرێتە بەر ڕووناکی توێژینەوەکەوە.

**ڕێباز و تیۆری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، نموونەکان بە پێی پێویست هێنراونەتەوە و پاشان پەسنکردن و خستنەڕوویان بۆ کراوە، ئەرکی پارتیکڵەکان لە چوارچێوەی ڕستەکاندا دەستنیشانکراون، هاوکات تیۆری بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە تیۆری (ئێکس-باڕ)، لە زۆر شوێندا بەراوردی زمانی ئینگلیزی کراوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی)، بۆ چەند سەرە ناونیشانێکی سەرەکی دابەشکراوە، کە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە ناساندنی (پارتیکڵ) و پوختەیەك لەبارەی تیۆری (ئێکس-باڕ) و (ئەرکی پارتیکڵ لە سینتاکی کوردیدا) بخرێتەڕوو.

**چەمك و زاراوەی پارتیکڵ**

**زاراوەی پارتیکڵ**

زاراوەی "پارتیکڵ"، ڕەگی وشەکە لە وشەی لاتینی "Pars- پارس"ە"، بە واتای پارچە هاتووە، وەک زاراوەش لە بواری فیزیکی بەکاردەهێنرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://ferheng.info/alfba/18301. بۆ یەکەمجار زاراوەکە لەلایەن زمانەوانی ڕووسی(هۆکێت) لە ساڵی (١٩٥٠)دا بەکارهێنرا، هەموو ئەو فۆرمانەی گەردانناکرێن بە ناوی پارتیکڵەوە ناوینراو(ئەمین وعەلی،٢٠١٧،٣٢٨). پارتیکڵ بەشێکە لە سیستەمی بەرفراوانی وردە وشە لە زماندا ، پارتیکڵ لە زمانەوانیدا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە ئامرازێکی زمانەوانیی بەرفراوان و جۆراوجۆر، کە سەرەڕای قەبارەی بچووک و نەبوونی وەرچەرخانیان، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێرن لە دارشتنی مانا و پێکهاتەی ڕستەکاندا. پارتیکڵ تایبەتە، بەو پێیەی زۆرجار سەرپێچی لە پۆلە ڕێزمانییە ئاساییەکان دەکەن و بەرەنگاری پرۆسەی وەرچەرخان دەبنەوە. وەک پۆلێکی پاشماوە، تا ناساندنی هاوچەرخیان، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە سیستەمی زانستی زمان کاردەکەن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

### پێناسەی پارتیکڵ

زانایانی بواری زانستی زمان بە پلەی جیاوازی تایبەتمەندی و فراوانی لە پۆلێنکردن و لێکدانەوە لە پارتیکڵ نزیکبوونەتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی و فرەکارایی ئەم توخمە زمانەوانیانە بووە. هەندێک لە زانایان چوارچێوەی فراوان و گشتگیریان گرتوتەبەر، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێشنیازی پۆلێنکردنی تەسکتر و وردتر دەکەن. ئەم جیاوازییە لە پێناسەکاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی ئاڵۆزی پارتیکڵ لە سیستەمی زماندا دەکاتەوە.

(Bussman,1996,352)ڕوانگەیەکی دووانەیی لەبارەی پارتیکڵەوە دەدات، هەم پێناسەیەکی فراوان و هەم پێناسەیەکی تەسک پێشکەشدەکات. بە مانا فراوانەکەی، زاراوەی "پارتیکڵ" (پۆلێکی بەکۆمەڵ لەخۆدەگرێت، کە چینە وشە جۆراوجۆرەکانی ڕستە وەک: پێشگر، گرێدراو، ئامرازی پێوانەکردن، ئامرازە جۆرییەکان، نیشانەکانی گوتار و نیشانەکانی نکۆڵیکردن لەخۆدەگرێت) ئەم ڕێبازە فراوانە پارتیکڵ، وەک کۆمەڵەیەکی گشتگیر لە ئامرازە زمانەوانییەکان دەناسێتەوە، کە سەرەڕای سادەیی مۆرفۆلۆژی و نەبوونی وەرچەرخانیان، ئەرکە جەوهەرییەکانی ڕێزمانی، واتا و پراگماتیک لەناو ڕستەکاندا ئەنجامدەدەن. هەروەها لە لێکدانەوەی تەسکتری" (بوسمان)، پارتیکڵ وەک توخمە جیاوازەکان جیادەکاتەوە لە ڕستە و پێشگر و ئامرازە پێوەندییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، پارتیکڵ زیاتر پۆلێندەکرێن بۆ ژێرپۆلەکان، کە تیشک دەخەنە سەر ڕۆڵی کارایی ناوازەیان. بۆ نموونە، ئامرازەکانی پێوانەکردن (تەنیا، تەنانەت) جەخت لەسەر مەودا، یان سنووردارکردن دەکەن، ئامرازە جۆرییەکان (ڕەنگە، بە دڵنیاییەوە) هەڵوێستی قسەکەر، یان پلەی دڵنیایی دەگەیەنن، نیشانەی گوتار (باشە، بۆیە، بە هەر حاڵ) کارلێکەکان دابڕێژن و ڕێنمایی ڕەوتی گفتوگۆکان بکەن. ئەم پۆلێنکردنە سەرنج دەخاتەسەر بەشدارییە تایبەتەکانی پارتیکڵ لە مانای ڕستە و چوارچێوەی پەیوەندیکردندا. .(Bussman,1996,353)

"ماتیوس" پشتگیری لەم بۆچوونە تەسکترە دەکات، بە جەختکردنەوە لەسەر فۆرمە نەگۆڕەکان و پوختەکانی پارتیکڵ، کە وایان لێدەکات ڕۆڵی پەیوەندییە وردەکان بەجێبهێنن.

زۆرجار پارتیکڵ بەو وشانە پێناسە دەکرێن، کە "فۆرمی تایبەتمەندی وەرچەرخانیان نییە، ئەمەش جیایان دەکاتەوە لە پۆلە ڕێزمانییەکانی تر". مەودای ئەم پێناسەیە بریتییە لە ئامرازەکانی سەرسوڕمان، پرسیارکەرەکان، ژمارەکان، پێشگرەکان و نیشاندەرەکان، لە نێو ئەوانی تردا، تایبەتمەندییەکی سەرەکی پارتیکڵ پشتبەستنیان بە پێوەرە دابەشکردنەکانە، کە بنەمایەکی ڕستەسازییە، نەک مۆرفۆلۆژی بۆ پۆلێنکردن. ئەم پێوەرە دان بەوەدا دەنێت، کە پارتیکڵ بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ نموونەی وەرچەرخانی فەرمیدا ناگونجێن، بەڵکو لەبری ئەوە لەناو نەخشە ڕستەسازییە تایبەتەکاندا کاردەکەن.(Matthew,1997,267)
نەبوونی سنووری ڕوون لە نێوان ژێرپۆلەکانی پارتیکڵدا، ئاستەنگی لێکدانەوە دروستدەکات، بۆ نموونە وشەی "دوای" دەتوانێت، هەم وەک پێشگر (دوای کۆبوونەوەکە)، هەم وەک لکێنەر (دوای گەیشتنمان) کار بکات، ئەمەش بەپێی دابەشکردنی ڕستەسازییەکەی، ئەم فرە کارابیە تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزی پۆلێنکردنی پارتیکڵ و توانای بەزاندنی سنوورە ڕێزمانییە تەقلیدییەکان (McCarus,1958,71). زۆرجار نەرم نواندنی ڕۆڵی ڕستەسازیی پارتیکڵ، لەگەڵ بەشدارییە ماناسازییەکانیاندا دادەبڕێت، بۆ نموونە، سیفاتەکانی وەک "باشە" لەوانەیە لە چوارچێوەی تایبەتدا ئەرکی هاوشێوەی پارتیکڵ وەربگرن، کە شێوازە ڕستەسازییەکان پڕبکەنەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە پارتیکڵەوە. ئەم سەرپەککەوتنە سروشتی داینامیکی بەکارهێنانی پارتیکڵ نیشاندەدات، ئەو توخمانەی، کە بە شێوەیەکی نەریتی وەک: سیفات، ناو، یان بەشەکانی تری قسەکردن پۆلێنکراون، دەتوانن لەژێر هەندێک بارودۆخدا ڕۆڵی هاوشێوەی پارتیکڵ بگرنە ئەستۆ. ئەم نەرمییە ڕستەسازییە، لەگەڵ تایبەتمەندیی ماناسازیی پارتیکڵدا، سوودی ئەوان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی مانا بەرزدەکاتەوە. بۆ نموونە، چەندایەتیکەرەکانی وەک: "تەنها یان تەنانەت" دەتوانن مەودای لێدوانێک وردتر بکەنەوە، جەختکردنەوە، یان سنووردارکردن دروستدەکەن. بە هەمانشێوە، پارتیکڵە جۆرییەکان وەک: "بەدڵنیاییەوە، یان ڕەنگە" بەشدارن لە چینێکی زیادەی مانا لێکدانەوەکان بە ئاماژەدان بە پلەی متمانە، یان دیدگای قسەکەر لەسەر دەربڕینەکە (Watters,2002,20-25).

کەواتە دەتوانین بڵێین: "پارتیکڵ بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و دەچێتە نێو پۆلی داخراوی وشە و زاراوەیەکە لە ڕێزمانی وەسفیدا، کە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە یەکەیەکی نەگۆڕ لە ئەرکە ڕێزمانییەکاندا، ئەم پێکهاتەیە ناچێتە نێو هیچ بەشێک لە پۆلی ئاخاوتنەوە".(crystal,2003,338)، واتە پارتیکڵ دەناسرێتەوە بە ئەوەی، کە وشەیەکە نیشانەکانی ناو و کاری تێدا بەدی ناکرێت و بەخۆی هەڵگری واتایەکی سەربەخۆ نییە. بەڵکو واتاکەی لەو دەوروبەرەوە وەردەگرێت کە تێیدا بەکاردەهێنرێت و ئەرکی تایبەتی هەیە لە زمان و ئاخاوتندا (شحده و الآخرون٢٠٠٣،١١٧)، سەرەڕای ئەوەی پارتیکڵ مەودای ئەو وشانەیە، کە دەکەونە دەرەوەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە، بەڵام گومان لە بەهاکەیدا نییە و بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە. هەروەها ڕەگەزێکی فەرهەنگیی نەگۆڕە،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

فۆڕمی ڕێزمانی وەرناگرێت و گەردان ناکرێت (میراودەلی،٩٥،٢٠٠٧). بەم شێوەیە "پارتیکڵ وشەیەکی ڕێزمانییە، کە بە یەک شێوەی نەگۆڕ و لێوەرنەگیراوی هەیە" (سەرچاوەی پێشو،٩٦).

(Mathews,2007,289) پێیوایە ئەم پێکهاتەیە لە پۆلی گەردان نەکراوی وشە لە زمانە جیاوازەکاندا بەکاردێت و زۆرجار وشەکانی ئەم پێکهاتەیە کورتن، بەڵام هەموو کاتێک وا نییە. هەروەها بە ئاسانی ناچنە ژێر هیچ یەک لە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پارتیکڵ ئەوەیە کە فۆڕمی سەربەخۆن و بەپێی جۆرە جیاوازەکانیان ئەرکی تایبەت وەردەگرن. پارتیکڵ زۆرتر واتای "گۆکردن"ی هەیە و واتای سەربەخۆیان نییە، یان واتای فەرهەنگی/لێکسیکی هەیە، بەڵام دەتوانن واتای ئەو توخمانە بگۆڕن، کە پەیوەستن پێیانەوە (حسێن،٢٠،٢٠١١). ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە پارتیکڵەکان لەناو ڕستەدا وەک وشەیەکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکەن و کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واتای ڕستە هەیە.

**تایبەتمەندییەکانی پارتیکڵ**

پارتیکڵەکان پۆلێکی تایبەتمەندی زمانین، کە بە چەند سیمایەکی دیاریکراو جیا دەکرێنەوە:

١- نەگۆڕیی مۆرفۆلۆژی: پارتیکڵەکان ناکەونە بەر گۆڕانی وەرچەرخان، وەک "گەلەک" (زۆر)، کە لە هەموو پێکهاتەکاندا وەک خۆی دەمێنێتەوە(میراودەلی،٩٦،٢٠٠٧).
٢- ڕۆڵی ڕێزمانی: ئەرکی پەیوەندیکەر، چاکسازکەر، یان نیشاندەر دەبینن، وەک "و"، کە بڕگەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە (شوانی،٣٦،٢٠١٣).
٣- فۆڕمی نەگۆڕ: بۆ کات، ڕەگەز، یان کەس ناگۆڕدرێن، وەک "بە" و "لەگەڵ"، کە هەمیشە وەک خۆیان دەمێننەوە (قادر،٢٨،٢٠٠٧).
٤- دەرخستنی مانای نادیار: لایەنی نادیاری کارەکان دەخەنە ڕوو و مانای وردتر دەدەن(حسێن،٢٠،٢٠١١)، وەک "لە" لە ڕستەی "لەوێ بینیم."
٥- سنوورداری پۆلی: ناگۆڕدرێن بۆ پۆلەکانی تری وشە، وەک "لە"، کە هەرگیز نابێتە ناو یان کار(قادر،٢٨،٢٠٠٧).
٦- پێگەی دیاریکراو: شوێنی تایبەتیان هەیە لە ڕستەدا بۆ گەیاندنی واتا، وەک "هەر"، کە پێش سیفات یان ڕستە دێت. بۆ نمونە "هەر باش بێت"(سەرچاوەی پێشو)
٧- ئابووریکردنی زمان: دەبنە هۆی کورتکردنەوەی دەربڕین و پاراستنی زمان لە دووبارەبوونەوە. (دزەیی،١٥٥،٢٠١٥)، واتا زۆرترین بیر بە کەمترین کەرەستە و کات دەربڕدرێت، وەک لە نموونەی "کچم دەستەکانت بشۆ. کچم نانەکەت بخۆ"، کە دەکرێت بکرێتە "کچم دەستەکانت بشۆ، ئینجا نانەکەت بخۆ".

**تیۆری X-bar و پێکهاتەی ڕستەسازی**

تیۆری X-bar پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕێزمانی بەرهەمهێنەرە، چوارچێوەیەکی تیۆرییە، کە ئامانجی پەسنکردنی پێکهاتەی ڕستەیە لە زمانە سروشتییەکاندا. یەکەمجار لەلایەن (نوام چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٧٠) پێشکەش کراوە،(Chomsky,1970,195). ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی گرنگ دەگرێت لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ڕستەکان لە ڕێگەی پێکهاتەی هەرەمی.

**بنەما سەرەکییەکانی تیۆریX-bar**

تیۆری X-bar وەک یەکێک لە وەچەتیۆرەکانی مۆدێلی سینتاکسیی حوکمکردن و بەستنەوە/بنەما و پارامێتەرەکان بە وەچەتیۆرێکی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی سیماکانی ڕۆنانی فرێز لە زمانە سروشتییەکاندا دەژمێردرێت (حاجی،٤٠،٢٠٠٧). لە ساڵانی حەفتاکان بە شێوەیەکی سەرەکیی لەلایەن "جاکۆندۆف"ەوە گەشەپێدراوە و لە ساڵی (١٩٨٠)یش بە دواوە ئاخنراوەتە ناو تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەوە (محەمەد،١٥٠،٢٠٠٩).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**هێماکانی وەچەتیۆری ئێکس_بار**

**-ئێکس (X) :**هێمایەکی بیرکارییە لە بری کەتیگۆرییە فەرهەنگی، یان سینتاکسییەکان بەکاردێت
**-بار (Bar) :**بە شێوەی بۆر (،) یان هێڵێکی بچووک (ˉ)، یان وەک ژمارە لە لای ڕاست، یان سەرەوەی (X) دادەنرێت.

**-پرۆژەکان:**

- پرۆژەی گەورە :(Maximal projection) جوتبار($X^{=}$) .
- پرۆژەی ناوەند :(Intermediate projection) تاکبار($X^{-}$) .
- پرۆژەی بچووک :(Minimal projection) بێبار/سفر($X^{0}$) .

تیۆری X-bar دادەنێت، کە فرێز لە هەر زمانێکدا پێکهاتەیەکی هەرەمییان هەیە، کە لە چەند ئاستێکی دەرخستن پێکهاتووە. ئەم ئاستانە بە$X^{0}$ ، $X^{-}$، و $X^{=}$ پیشاندەدرێت(Chomsky,1970,195)

**سەری ڕێزمانی(Head)**

سەری ڕێزمانی لە هەموو فرێزێکدا هەیە، بە ئەمە هەموو فرێزێک ناوکی هەیە. سەری ڕێزمانی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١- پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی هەیە و هەڵگری نیشانەی ڕێزمانییە
٢- دەسەڵاتی بە سەر کەرستە شوێنکەوتووەکانیدا دەشکێتەوە
٣- لە کەس و ژمارەدا، لەگەڵ کەرستە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا ڕێکدەکەوێت(قادر،٢٠٠٩، ٢٩-٣١)

**تەواوکەر(Complement)**

تەواوکەر لەگەڵ سەرە ڕێزمانییەکەدا پرۆژە سینتاکسییە ناوەندییەکان تەواودەکات. کاتێک ($X^{0}$) توخمی بنەڕەتیی پێکهێنانی هەر جۆرێکی فرێز بێت، هێڵکاری هەرەمیی هاوبەش بۆ نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز لە زمانی مرۆڤدا بەکاردێت.

**تایبەتمەندییەکانی وەچەتیۆری ئێکس_بار**

١- هەموو فرێزێک سەرێکی تێدایە
٢- تیۆری ئێکس_بار بۆ ڕۆنانی هەر فرێزێک دوو ئاستی ناوەکیی دیاریدەکات:

- ئاستی :(X-bar) پێکهاتووە لە سەرەیەک و تەواوکەرێک
- ئاستی :(X-double bar) پێکهاتووە لە(X) یەک و (Spec) یەک

٣- لە سەر بنەمای لقکردنی کەتیگۆریی سەر و تەواوکەر دامەزراوە و دەتوانرێت بە سەر زمانەکانی تریشدا پیادەبکرێت.
٤- هەموو پەیوەندییەکانی نێوان سەر و تەواوکەر شوێنیین/دروستەیین.
٥- لە فۆرمی ستانداردردا؛ سێ جۆر فرێزی جیاواز هەیە.(محەمەد، ٢٠٠٩، ١٥١-١٥٢)

**گرنگیی تیۆری X-bar**

گرنگیی تیۆری X-bar لەوەدایە کە توانای لێکدانەوەی پێکهاتەی ناوەکی فرێز و پەیوەندییەکانی نێوان توخمەکانی ناو ڕستەکانە. بە دابەشکردنی ڕستەکان بۆ ئەم پێکهاتە بچووکترانە، یارمەتی زمانەوانان دەدات بۆ شیکردنەوەی کرداره ڕستەییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان (Haegeman,2006,20).

**هاوپۆلە فەرهەنگی و ئەرکییەکان**

جیاوازییەکی گرنگ لە تیۆری(X-bar)دا بریتییە لە دابەشکردنی، هاوپۆلە فەرهەنگییەکان وەک (ناو، کار، ئاوەڵناو...هتد)، هاوپۆلە ئەرکییەکان وەک (کات، ڕێککەوتن و تەواوکەری ڕستەیی...). هاوپۆلە ئەرکییەکان زۆرجار ڕۆڵێکی ئەبستراکت و کەمتر لەسەر بنەمای ناوەڕۆک لە پێکهاتەی ڕستە دەگێڕن (Rizzi,1997,291).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**چوارچێوەی تیۆری(X-bar) و ئەرکی پارتیکڵەکان**

تیۆری X-barبنەمایەکی بنەڕەتییە لە ڕستەسازیی گۆڕانکاریدا پێشنیازی ئەوەدەکات، کە هەموو پۆلە فریزەکان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی یەکسانیان هەیە. ئەم پێکهاتە گشتگیرە ئەوە دەگەیەنێت، کە پۆلە ڕستەسازییەکان بە ئارەزووی خۆیان جیاواز نین، بەڵکو لەبری ئەوە ئەو نەخشە و یاسا و ڕێسایانەی پێکەوەگرتن پەیڕەو دەکەن (Jackendoff,1977,21). پێیوایە "هەموو پۆلێکی ڕستەسازی بە فریزێک نوێنەرایەتی دەکرێت، کە ڕەنگە بە هەڵبژاردنی لە دیاریکەرێک و بە ناچاری لە سەرێک پێکبێت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەواوکەرێک بێت". ئەم جۆرە ڕێکخستنە ڕێگەدەدات بە توخمە کارابییەکانی وەک پارتیکڵەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا یەکبگرن- یان وەک سەر، دەستکاریکەر، یان یاریدەدەر- بەپێی ڕۆڵی ڕستەسازی و بەشداری واتاسازییان.

لەم چوارچێوەیەدا، ڕەنگە پارتیکڵەکان بە چەندین شێوە کاربکەن: وەک سەر ($X^0$) خۆیان کاتێک تەواوکەرەکان بەڕێوەدەبەن، یان هەڵدەبژێرن؛ وەک دەستکاریکەر لەناو پرۆژە نێوەندەکان ($X^-$) کاتێک، کە لێکدانەوەی سەرەکە دیاریدەکەن، یان سنووردار دەکەن؛ یان وەکو یارمەتیدەر لە ئاستی (XP) کاتێک زانیاری دەوروبەر زیاددەکەن .

"گەردیلەکان دەتوانن یان سەرکردایەتی پرۆژەکانی خۆیان بکەن، یان لەناو پرۆژەکانی دیکەدا هاوتەریب بن، ئەمەش بەپێی ڕەفتاری ڕستەسازی و ماناداریان دەبێت(Radford,1988,125)".

بۆیە تێگەیشتن لە دانان و ئەرکی تەنۆلکەکان پێویستی بە شیکارییەکی وردی پێگەی ڕستەسازییان هەیە لەناو پێکهاتەی چینداڕەکانی فریزەکاندا وەک لەلایەن تیۆری (X-bar) پێشنیازکراوە. هەر بۆیە چەند جۆرێکی پارتیکڵەکان، کە زیاتر لایەنی واتایی ڕووندەکەنەوە، وەک ( پارتیکڵی ئاوەڵکرداریی، مۆداڵییەکان،...) لەم بەشەدا گرنگی زۆری پێنەدراوە، لە بەشی سێیەمدا گرنگی و ڕۆڵ و ئەرکیان لە ڕووی واتاییەوە دەخەینەڕوو.

پێشکەوتنەکانی دواتر، بە تایبەتی لە چوارچێوەی تیۆری حکومکردن و بەستنەوەدا کاتێک "چۆمسکی"مۆدێلی ڕەسەنی(X-bar) یان فراوانترکرد بۆ ئەوەی پێشبینییە کارابییەکانی وەک فریزی تەواوکەر (CP) لەخۆبگرێت. لەم مۆدێلەدا، CP لە سەرووی فریزی وەرچەرخان (IP) جێگیرکراوە و وەک زۆرترین پرۆژەی بیناسازی برگەیی کاردەکات. تەواوکەر ($C^0$) زۆرجار وەک پارتیکڵەکانی "ئەگەر"، "کە"، "بۆیە" بەدیدەکرێت- وەک سەریCP کاردەکات، برگەی لاوەکی دەناسێنێت و سنووری برگە دیاریدەکات.

.(Chomsky,1981,36)

لە پەیوەندی لەگەڵ شیکاری پارتیکڵەکاندا، تەواوکەرەکان وەک سەری کارایی($C^0$) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا جۆرەکانی تری پارتیکڵەکان- وەک پارتیکڵەکانی گوتار، تەنۆلکە مۆداڵییەکان و تەنۆلکەکانی نکۆڵیکردن- لەوانەیە شوێنی دیاریکەر (Spec,CP) داگیربکەن، یان توخمەکانی تەنیشت یەکتر بن لە ناو دۆمەینیCP ئەم نەرمییە ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری ڕستەسازی و کاریگەرییە لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانیانە. هەر بۆیە (Haegeman,1994,123) ئاماژەی پێدەکات "زۆرجار ئەو پارتیکلانەی پەیوەستن بە شێواز، گوتار، یان نکۆڵیکردنەوە بە باشترین شێوە وەک سەری پێشبینییە کارابییەکانی خۆیان، یان وەک دەستکاریکەر لە ناو دۆمەینەکانیCP دا شیدەکرێنەوە، بەمەش کاریگەری لەسەر لێکدانەوەی برگەکە بە گشتی دەبێت."

بەم شێوەیە، لە چوارچێوەی دەوڵەمەندکراوی (X-bar)دا، پارتیکڵەکان لە کارایی یان شوێندا یەکسان نین؛ بەڵکو دۆخی ڕستەسازییان بەهۆی ڕۆڵی ڕێزمانی و پەیوەندی پێکهاتەییان بە پۆلەکانی فریزی سەرەتایی وەک CP، IP و VP دیاریدەکرێت.

پارتیکڵەکان سەرەڕای سادەیی ڕووکەشیان، بەرپرسیارن لە دەربڕینی ڕەنگاڵەیەکی فراوان لە واتا و مەبەست. بە گوێرەی ئەرک و شوێنیان لەناو ڕستەدا، پارتیکڵەکان دەتوانرێن بە دوو گرووپی سەرەکی دابەش بکرێن:

**یەکەم: پارتیکڵە بنچینەییەکان/ڕێزمانییەکان(ستانداردەکان)**

ئەرک و شوێنیان لە ڕستەدا دیاریکراوە و جێگیرە، لە زۆربەی شێوەزارەکاندا وەک یەکن:

**نموونە:** لێکدەرەکان (و، یان، بەڵام)، ئامرازەکانی پرسیار (ئایا، بۆچی)، تەواوکەری ڕستە (کە، ئەگەر،..) لە ڕووی سینتاکسییەوە سەرۆکایەتی پرۆژەی سینتاکسی دەکەن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


**دووەم: پارتیکڵە لاوەکییەکان/واتاییەکان(سەرانەکان)**

ئەرکیان زیاتر پەیوەندی بە واتا و دەربڕینی هەڵویستەوە هەیە، شوێنیان لە ڕستەدا جێگیر نییە و دەگۆڕێت، لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر دەگۆڕێن، هێزی بێدەنگی ڕستە ڕێکدەخەن، نموونە: سەرسوڕمان (ئاه، تێح)، سۆز و هەست (خۆزگە، بریا)، جەختکردنەوە (تەنها، تەنانەت،..)، شوێنی پارتیکڵە لاوەکییەکان بەپێی هەست و سۆزی قسەکەر، شێوەزار و کۆنتێکستی دەربڕین دەگۆڕێت.

**ئەرک و شوێنی پارتیکڵەکان لە ڕستەی کوردیدا**

**ئەرکی دیاریکردن و پیشاندان:** کاتێک پارتیکڵەکان وەک دەرخەر کاردەکەن، کە بە دەرخەرەکانی پێش سەرە ناودەبرێن و بەبێ پارەمتی ئامرازی خستنەپاڵ لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا پێش سەرە دەکەون.(ڕەشید،٢٠١٥،٢٩)، بەپێی تیۆری (X-bar) ، شوێنی دیاریکەر دەگرن. بریتییە لە پێگەیەک لەناو فرێزێکدا، کە زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەرەکە دەدات. خوشکی ئاستی باڕ($X^{-}$) و کچە بۆ ئاستی دەستەواژە (XP). ئەم پێگە پێکهاتەییە ڕێگە بە توخمەکانی ناو دیاریکەر دەدات دەستکاری، یان دیاریکردنی مانای سەرەکە بکەن. بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە دیاریکردن، ڕوونکردنەوە یان جەختکردنەوە و پێدانی زانیاری زیاتر بۆ تەسککردنەوە و ئاماژەدانی ناوەکان دەکەن، کە پارتیکڵەکانی (جەختکردنەوە، پرسیار، ڕادە،...) دەتوانن ئەو ئەرکە ببینن، ئەرکی دیاریکەر بریتییە لە دابینکردنی تایبەتمەندی، پێوانەکردن و سنووردارکردن)، واتە بۆ نموونە: سەری فرێزێک لە فرێزی (NP)، دیاریکەر دەتوانێت سنورێکی بۆ دیاریبکات، بروانە (١-ا). لە فرێزی کار(VP)، دیاریکەر دەکرێ کارێکی یاریدەدەر بێت، کە زمان و لایەن، یان شێواز بۆ کاری سەرەکی زیادبکات ، بروانە (١-ب).

١ -ا- تەنها یەک کچ.
ب- ڕەنگە باران ببارێت .

پارتیکڵەکانی ڕادە(Quantifier)، وەک دەرخەری فرێز بە شێوەیەکی گشتی بۆ پیشاندانی ئاست و مەودا کاردەکەن، لە چوارچێوەی تیۆری ئێکس-باڕدا، دەتوانێت Modifier بێت بۆ (NP) و(DP) ، بروانە (٢- ا ب)."هەبوونی نیشانەی واتایی چەندێتیی لە ڕادەدا وادەکات، کە ببێتە دەرخەری کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی دیکەش". (مەعروف،٢٠١٠،٤١)، وەک لە نمونەکانی (٣-ا ب پ)دا خراوەتەڕوو:

٢ -ا- هەندێک شەکر .
ب- هەموو خواردنەکە.

٣ -ا- کەمێک لە خواردنەکە بهێڵەوە (دەرخەری فرێزی پێشناوی).
ب- خواردنەکە هیچ نەمایەوە (دەرخەری فرێزی کاری).
پ- کوڕەکە کەمێک قەڵەو دەردەکەوێت (دەرخەری فرێزی ئاوەڵناوی).

هەروەها (قادر،٢٠٠٧،٣١) پێی وایە پارتیکڵەکانی (کام، چ، چەند،...)، وەک ئاوەڵناوی پرس دەبنە دیاریکار و شوێنی(specfier)ی فرێزی ناوی دەگرن، بە مەبەستی پرس، یان پێداهەڵدان، وەک:

٤ -ا- کام هاوڕێی تۆ
ب- چ هاوڕێیەکی تۆ

لە هەمانکاتدا دەڵێت: ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەبێت، کە وشەکانی: کام، چ، وەک ئاوەڵناوی پرسن ڕۆڵی دیاریکەر دەبینن. بەمەش ئەو ڕاستییە جێگیردەبێت، کە ئەو وشە فەرهەنگیانەی شوێنی spec دەگرن پۆلێکی فەرهەنگیی دیاریکراو نین. بۆیە دەتوانرێت وەک بەشدارێکی پێکهاتەی فرێز لە تیۆری تێکس باڕدا بە پارتیکڵ ئاماژەیان بۆ بکرێت، چونکە تایبەتمەندییەکانی پارتیکڵیان تێدا بەرجەستە دەبێت. لەم بارەیەوە دەگوترێت: دیاریکەر و تەواوکەر، خودی خۆیان بە وشەی فەرهەنگی ئەژمار ناکرێن، بەڵکو وشەی ئەرکی پێکهێنەری فرێزن، ئەگەر چی وشەی فەرهەنگیی تەواویش بن. هەروەها (ڕەشید،٢٠١٥،٣١) پێی وایە وشەی پرس کاتێک دەبێتە دەرخەری ناوێک، کە ناوەکە بۆ لایەنی دووەم ئاشنا نییە .

پارتیکڵەکان لە شوێنی جیاواز لە ڕستەدا دەردەکەون، (وەک لە پارتیکڵی ڕادەش ڕوونکرایەوە)، دەتوانن ببن بە دیاریکاری فرێزەکانی، کار، کات، دیارخەر ، تەواوکەری (carnie,2002,252).، وەک لە نمونەکانی (٤-ا،ب،ج) خراوەتەڕوو:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٤-ا- کتێبەکەی تەواوخوێندەوە ( پارتیکڵی"تەواو"ئاوەڵکردار ئاسا ئاماژە بە تەواوبوونی کردارەکە دەکات).
ب- دوێنێ چوو بۆ بازاڕ (پارتیکڵی"دوێنێ"ئاماژە بە کاتی کردارەکە دەکات)
ج- هەر کوڕەکە هات (لێرەدا"هەر"بووە بە دەرخەری"کوڕەکە"،کە فرێزێکی دیارخەرییە) .

**ئەرکی نەرێکردن**

پارتیکڵەکانی نکۆڵیکردن، ئەمانە ئەو توخمانەن، کە واتای کارەکە، یان پێشنیازەکە لە ڕستەیەکدا بە گشتی ڕەتدەکەنەوە. لە زۆربەی زمانەکاندا نکۆڵیکردن بە پارتیکڵێکی دیاریکراو دیاریدەکرێت، (وەک "نەخێر "NOT/لە ئینگلیزیدا)، کە پێش یان پاش کارەکە دەردەکەوێت، یان لە شوێنێکی ڕستەسازیی دیاریکراودایە و ئەم پارتیکڵانە زۆرجار جەخت لەسەر ڕەتکردنەوە، یان دژایەتیکردنی پێشنیازێک دەکەنەوە.

لە ڕێزماندا، دووپاتکردنەوە (affirmation) و نکۆڵیکردن (negation) دوو سیستەمی بنەڕەتین، کە ڕێزمان بەهۆیانەوە جەمسەری پۆزەتیف و نێگەتیف کۆددەکات بۆ فرێزەکانی کار، ڕستەکان، یاخود گوزارشتەکان . هاوپۆلی ڕێزمانی پەیوەست بە پۆزەتیف و نێگەتیف پێیدەوترێت جەمسەرگیری.(polarity) ئەمە مانای ئەوەیە، کە ڕستەیەک دەتوانرێت لەڕووی جەمسەرگیرییەوە ئەرێنی، یان نەرێنی بێت (سەرچاوەی پێشوو). بە شێوەیەکی گشتی:

-پۆزەتیف: بە شێوەیەکی ئاسایی جەمسەری بێ نیشانەیە.
-نێگەتیف: بە شێوەیەک دیاریدەکرێت، وەک زیادکردنی پارتیکڵی نکۆڵیکردن.

**ڕێساکانی ڕێزمانی بۆ نەرێکردن**

زمانەکان چەندین یاسای ڕێزمانی جۆراوجۆریان هەیە بۆ گۆڕینی فرێز، یان فرێزی کاری ئەرێنی بۆ شێوەی نێگەتیف (Zwicky&Pullum,1983,502)، بۆ نموونە:

١ -زیادکردنی پارتیکڵی نەرێکردن پێش فرێزی کار:
-(ئیسپانی) No está en casa: ئەو لە ماڵەوە نییە
٢ -زیادکردنی پارتیکڵی نەرێکردن دوای کار:
- (هۆڵەندی) Ik zie hem niet: من نایبینم
٣ -بەکارهێنانی پارتیکڵی نەرێکردن لە هەردوو لایەنی کار:
-(فەرەنسی) Je ne sais pas :نازانم
٤ -بەکارهێنانی کاری یاریدەدەر:
-(ئینگلیزی) I did not go: من نەڕۆیشتم
٥ -بەکارهێنانی لادانی تایبەتی کار:
- (ژاپۆنی) Taberu: خواردن و tabenai مەخۆ – بە بەکارهێنانی پاشگری"nai"

**پارتیکڵی نەرێکردن لە تیۆری X-bar دا**

لە تیۆری (X-bar) پارتیکڵی نکۆڵیکردن لە پێکهاتەی ڕستەسازی لەناو ڕستەدا کارلێک لەگەڵ پێکهاتەی فرێزی کار(VP)دەکەن، وەک لە هێڵکاری(٥)دا خراوەتەڕوو، دەتوانرێت شوێنیان بە گوێرەی زمانی دیاریکراو بگۆڕێت. پارتیکڵی نکۆڵیکردن ئاسایی وەک پاشکۆیەک، یان سەرێکی کاری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە دەتوانرێت لە شوێنی جیاوازدا دەربکەوێت لەناو پێکهاتەی ڕستەکەدا، زۆرجار لە پێکهاتەی(C)ی تەواوکەر، یان لە دیاریکەری.(TP) لەو زمانانەی، کە ڕیزبەندی وشەیان هەیە (Haegeman,1995,240)، بۆنموونە:

٥ -من نانوسم

نکۆڵیکردن لەوانەیە لە شوێنێکی دیاریکراودا دەربکەوێت بە گوێرەی کار، یان کاری یاریدەدەر بۆ نموونە، (لە ئینگلیزیدا، نکۆڵیکردن دوای کاری یاریدەدەر دەردەکەوێت، بەڵام لە فەڕەنسیدا، زۆرجار کارەکە دەوری دەدات. "نکۆڵیکردن بە بەکارهێنانی وشەی "نا" یان، بەکارهێنانی وشەی نەرێنی وەک (نا، هیچ، هەرگیز، قەت، هیچ شتێک) ئەنجامدەدرێت، هەروەها بەکارهێنانی پێشگرەکانی نەرێنی وەک (نەک، ناکرێ، نابێ...) دەگرێتەوە، کە پێی دەوترێت نکۆڵی ناتەواو.(Ebong,nodate,3)"

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-17

لە هەندێک زماندا، نکۆڵیکردن لەوانەیە وەک سەرێکی(NegP)فرێزی نکۆڵی، پێشکەشبکرێت، کە دەربڕینێکی کارییە لە فرێزی کاری درێژکراوەدا .(VP) ئەم پێکهاتەیە لە چوارچێوەی (X-bar) گەورەتردا دەگونجێت، کە سەرەکان و فرێزەکان پێکهاتەی ڕستەسازی گشتی بنیات دەنێن.

**پارتیکڵی نەرێنی:** لە کاتێکدا ئەمانە زۆرجار لە ژینگەی ڕستەسازی سادەتر دەردەکەون وەک لە پارتیکڵی نکۆڵی، بەڵام هێشتا دەتوانن کاریگەری لەسەر پێکهاتەی ڕستەکە هەبێت لە تیۆری X-bar دا بەدەرکەوتن لە پرۆجێکتیڤەکانی کرداری وەک TP یان CPدا.

لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا، پارتیکڵی نەرێنی (نە،نا،...) بە شێوەیەکی تایبەت وەک بەشێک لە پێکهاتەی فرێزی کاری(VP)و(TP)دەردەکەوێت(ڕەسوڵ،٢٢،١٩٩١). لە چوارچێوەی تیۆریX-bar دا دەتوانین لە پرۆجێکشنێکی کارابیدا بیخەینە ناو پێکهاتەی فرێزی کارییەوە. پێکهاتەی ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا وەک زۆرێک لە زمانەکانی تر، نکۆڵیکردن بە شێوەیەکی تایبەت کارەکە نەرێدەکات، لە پێش کاری سەرەکییەوە دەردەکەوێت (نە-ناNegP) ( فرێزی نکۆڵیکردن) ئەو پێشبینییە دەبێت، کە پارتیکڵی نەرێنی لەخۆدەگرێت. زۆرجار لە ئەنجامی بەرپەچدانەوەی پرسیارێك، یان بۆ دەرنەخستنی ئەو زانیارییەی لە پرسیارەکەدا دراوە. وەڵامی پرسیارەکە بە نەرێ دەدەینەوە ئەو شانەی، کە بۆ ناکردنی وەڵام بەکاردێن، تایبەتمەندییان نییە و کەسی دووەم دەتوانن بە ئارەزووی خۆی هەڵیانبژێرێت، وەک لە نمونەکانی (٦-ا ب پ)دا خراوەتەڕوو، وەك:(نەء، نا، نەخێر، هەء، هەرگیز، قەت، هیچ،...)(ڕەسوڵ،٢٨،١٩٩١)

٦ -ا- شازاد هات؟____ نەء، براکەی هات.
ب- تۆ دەچیت؟ ____ نا، ناچم.
پ- تۆ نەڕۆیشتیت؟____ نا، هەرگیز نارۆم .

**ئەرکی گرێدان/بەستنەوە**

ئەرکی گرێدان بریتییە لەو توانستە ڕێزمانییەی، کە پارتیکڵەکان دەیبینن لە بەستنەوە و دروستکردنی پەیوەندی نێوان:

- کەرەستە و بەشە جیاوازەکانی ناو ڕستە
- دوو یان چەند ڕستەی سەربەخۆ
- ڕستەی سەرەکی و ڕستەی لاوەکی

بۆ نموونە:

٧-ا- هەم ئازاد هەم ئارام هاتن. (گرێدانی دوو بکەر)
ب- کوڕەکە هات و کچەکە ڕۆیشت. (گرێدانی دوو ڕستەی سەربەخۆ)
پ- کاتێک باران دەبارێت، هەموو شتێک جوان دەبێت. (گرێدانی ڕستەی سەرەکی و لاوەکی)

**پارتیکڵەکانی بەستنەوە:** بەشێکی سەربەخۆیە و لە ڕیزی بەشە بێواتاکانی ئاخاوتن دادەنرێن، چۆنییەتی لێکدانی بەش و جۆرەکانی ڕستە بە مەبەستی جیاجیا بە یەکترەوە دەبەستێتەوە و لە ڕووی بوونەوە سەربەخۆ و ناسەربەخۆن (شوانی،٤٧،٢٠٠٣)، کەواتە ئەم پارتیکڵانە شوێنی کارکردنیان بریتییە لە ڕستەکانی زمان و بە گشتیش ڕۆڵیان لێکدان و جۆینکردنی هەردوو ڕستەکەیە بۆ ڕۆنانی ڕستەیەکی لێکدراو لە ڕووی پێکهاتەوە، هەروەها ئەم پارتیکڵانە نابنە بەشێک لە پێکهاتەی هیچ کام لە ڕستەکان و بۆ خۆیان سەربەخۆن، ئەمە جگە لەوەی، کە لە ڕووی واتاوە ئەو ڕستانەی، کە پێکەوە گرێی دەدەن، واتای جیاواز دەبەخشن،(مستەفا،٦،٢٠١٥) وەک:

٨-ا- میوانەکان هاتن، بەڵام نەهاتنە ژوورەوە. ......................... پێچەوانە
ب- دایکم هات و کارەکانی ئەنجامدا. ................................ پەیوەست
پ- نە کار هەیە و نە پارە پەیدادەبێت ...................................... ڕەتکردنەوە
ت- یان دەنگ بدە، یان بێدەنگ بە. ................................................ هەڵبژاردن

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پارتیکڵەکانی بەستنەوە وشە یان مۆرفیمەکانن، کە توخمە زمانەوانییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی یەکگرتوو. زمانەوانانی زانستی زمان ڕوانگەی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی ئەم پارتیکڵانە:

"چۆمسکی" باسی پەیوەندییەکان دەکات وەک پارتیکڵی بەستنەوە وەک:(و، بەڵام، یان)، کە توخمەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە بەبێ گۆڕینی پێکهاتەی ڕێزمانی.(Chomsky,1957,26) ، "بلۆمفیلد" جەختی لەسەر ڕۆڵی وشە ئەرکییەکان کردەوە لە یەکگرتنی یەکە زمانەوانییەکان و ناساندنی چەمکی شیکاری پێکهێنەرە دەستبەجێکان (Bloomfield,1933,170). "هالیدەی"پەیوەندییەکانی بەستنەوە بەم شێوەیە پۆلێن کردووە؛ یەکەم: بەستنەوەی هاوئاستی/پاراتاکتیک (و، یان، بەڵام)، دووەم: بەستنەوەی گریمانە/هایپۆتاکتیک (چونکە، هەرچەندە، لەبەرئەوەی).(Halliday,1994,35)، "جاکۆبسۆن" بەستنەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکگرتوویی گوتاردا شیکردەوە. دوو جۆری دەستنیشان کرد:

- بەستنەوەی ئەنافۆریک : ئاماژەیە بۆ توخمێکی پێشوو (سارا ڕۆیشت، ماندووبوو- بە سارا دەبەستێتەوە)
- بەستنەوەی کاتافۆریک: ئاماژە بە پێشەوە دەکات (ئەگەر بینیوتە، بە سارا بڵێ پەیوەندیم پێوەبکات - دواتر لە ڕستەکەدا بە سارا دەبەسترێتەوە).(Jakobson,1971,132)

**پۆلێنکردنی پارتیکڵەکانی بەستنەوە**

پارتیکڵە بەستراوەکان بریتین لە وشە، یان مۆرفیمەکان، کە توخمە زمانەوانییەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی یەکگرتوو، ئەگەر بڕوانینە کتێبی ڕێزمانی گشتگیری زمانی ئینگلیزی(Quirk etal,1985,918)، ئەم پارتیکڵانە دەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلێنبکرێن:

١- پەیوەندییە هەماهەنگییەکان: (و، یان، بەڵام)
٢- پەیوەندییە وابەستەییەکان: (چونکە، هەرچەندە، کەی)
٣- پەیوەندییە پەیوەندیدارەکان: (یان...یان، نە...نە)

بەکورتی، پارتیکڵەکانی بەستنەوە وەک پردێک وان، کە بیرۆکەکان و ڕستەکان پێکەوە دەبەستنەوە. سەرەڕای ئەوەی خۆیان واتایەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام دەتوانن واتای فراوان بە ڕستەکان ببەخشن و وەک چیمەنتۆیەک بەشەکانی زمان پێکەوە دەلکێنن بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕوون.

**پرۆژەی پارتیکڵەکانی بەستنەوە لە تیۆری ئێکس- باردا**

کەتیگۆرییە ئەرکییەکان (functional categories) دروستەی سینتاکسی هاوشێوەی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانیان هەیە، کە بە تەواوەتی لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئەسکەلەی X-bar یەکدەگرێتەوە. لە سەرەتادا، تیۆری X-bar تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی دەگرتەوە، بەڵام دواتر چۆمسکی ئەم تیۆرەی فراوان کرد، تاکو کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیش بگرێتەوە.
سەرەتا، تەنیا دوو کەتیگۆری ئەرکی پەسەند کران وەک سەری ڕێزمانی ئەرکی:

I° (Inflection)
C° (Complementizer)

لە ماوەی دە ساڵی دواتردا، ژمارەیەکی زیاتر لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکان وەک سەر (head) پەسەند کران، هەرچەندە هێشتا ناکۆکی لە نێوان زمانەوانان سەبارەت بە ژمارە و جۆری ئەو کەتیگۆرییانە هەیە.

پارتیکڵەکانی بەستنەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان وشە و فریزەکان لە پێکهاتنی ڕستەدا دەگێڕن. ئەم پارتیکڵانە بە شێوازی جیاواز کار دەکەن: بەستنەوەی سادە: یەکگرتنی وشەکان بە ساناترین شێواز، بەستنەوەی لێکدراو: تێکەڵکردنی چەند ڕستەیەک بەهۆی لێکدەرەکانەوە، بەستنەوەی ئاڵۆز: پەیوەندی قووڵتر و فراوانتر لە نێوان ڕستەکان بەهۆی واژەگۆکەرەکانەوە.

ئەم پەرەسەندنە لە تیۆری ڕستەسازیدا بەشێکی بنەڕەتییە لە گەشەکردنی بیردۆزی ڕێزمانی بەرهەمهێن و تێگەیشتنی پێکهاتەی سینتاکسی زمانەکان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-17

**لێکدەرەکان**

لە تیۆری X-bar دا، بەشێک لە لێکدەرەکان وەک سەری فرێزی تەکخستن (ConjP)کاردەکەن، بە یاسای( X+CONJ.+X)"مۆرفێمی تەکخستن کەتیگۆرییەکە هاوشێوەی پۆلەرگەزەکانی دیکە، سەری فەرهەنگین لەو ڕووەوە، کە وشەیەکە بۆ پێکەوەبەستن و خستنەتەکیەکی دوو دەربڕاو، یان زیاتر بەکاردێن" (سەعید،٩٢،٢٠١٩)، کە دوو توخمە ڕستەسازییەکانی هەمان پۆل دەبەستنەوە، لێکدەرەکان، بۆ نموونە (و، یان، بەڵام) توخمە ناوەندییەکە لەم فرێزەدا، واتە دوو توخمە هەماهەنگەکە بەڕێوەدەبات.

**١ -لێکدەری [و]**

لە بەکارهێنانی"و"دا دەبێت هاوبەشی بکەر، یان هاوڕێکی کردار بوونیان هەبێت، واتە بۆ نموونە لە ڕستەی "سانا و سارا چوونە پارک"، بەستنەوە و سەری فرێزی(ConjP) ، کە دوو دەستەواژەی ناو" (NP)سانا" و" سارا" بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بە یاسای (X+CONJ+X)، (Haumann,1997,89)، لە هەمانکاتدا دەتوانین لە بری "و" [ئینجا، ئەوسا، ئەوجا، هەروەها] دابنێین (ڕەسوڵ،١٩٥،٢٠٠٥).

هەمان پێکهاتە بۆ فرێزی کردار (VPs) و ڕستەی تەواو دەگونجێت، چونکە فرێزی تەکخراو هەمان یاسای هاوکەتیگۆری پەیڕەودەکات. لە ڕستەی "ئەو گۆرانی دەڵێت و سەما دەکات" دوو VP (گۆرانی دەڵێت و سەما دەکات) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بنەمای لقبوونی دووانەیی تیۆری X-bar دەپارێزێت.(Emonds,1985,134)

یاسایەکی سەرەکی لە ڕستەسازیی پەیوەستکردندا بریتییە لە سنووردارکردنی پێکهاتەی هاوتەریب، کە دەڵێت ئەو توخمانەی، کە بە پەیوەندییەکەوە دەبەسترێنەوە دەبێت لە هەمان جۆر بن.(Radford, 2004,445)،(دزەیی،٤٠٦،٢٠١٤) بۆ نموونە:

١٣ -سانا [NP]و سارا [NP] هاوڕێن.
١٤ * -سانا [NP] و ڕادەکات [VP] بۆ قوتابخانە .

سەرەڕای ئەوەش، سنووردارکردنی پێکهاتەی هەماهەنگ (CSC) ، ڕێگری دەکات لە جووڵە لە دەرەوەی یەک پەیوەندی، بەبێ ئەوەی تەواوی فرێزی تەکخستن بجوڵێنێت(Ross,1967,98) ، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بۆچی ڕستەی:

١٥[*-سانا و ___ ] کێت بینی؟

نارێزمانییە، چونکە تەنها بەشێک لە پێکهاتەی هەماهەنگکراو دەجووڵێت، بە جوڵاندنی تەواوی پێکهاتە هەماهەنگەکە پێکەوە [کێ سانا و سارای بینی]، هیچ هەڵەیەکی ڕێزمانی ڕوونادات. " لە کاتی خستنەتەکیەکی فرێزی تەکخراو، دەکرێت کرتاندن و دەرنەبڕین ڕوودات" (مەعروف،٦٧،٢٠٠٩)، بۆ نمونە:

١٦ -شاری سلێمانی و شاری هەولێر          شاری سلێمانی و هەولێر

**بەکارهێنانی [یا/یان] و [بەڵام]**

بەکارهێنانی "یا" و "بەڵام" لە بەستنەوەی ئاسۆییدا، بەیەکەوە بەستنی دوو توخم یان زیاتر، کە دەکەونە ئاستی ڕستەسازی یەکسانەوە. لە زمانی کوردیدا، پێکەوەبەستنەکانی وەک "یا" و "بەڵام" ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکەوەهاتنی توخمە هەماهەنگەکان لە پێکهاتەی ڕستەدا.

**٢ -لێکدەری [یا/یان]**

لێکدەری"یا/یان" بۆ پیشاندانی هەڵبژاردن بەکاردێت، تەنها کاری یەکێک لە ڕستەکان ئەنجامدەدرێت و هەڵدەبژێردرێت، دەتوانێت چەندین جۆری پێکهاتەی ڕستەسازی بەیەکەوە ببەستێتەوە:

١٧ -دەتوانێت چا یا قاوە هەڵبژێرێت. (ڕێکخستنی فرێزی ئەم ڕستەیە، ناوییە (NPs) ).
١٨- ئەو گۆرانی دەڵێت یا سەما دەکات لە بۆنەکەدا. (ڕێکخستنی فرێزی ئەم ڕستەیە، کارییە (VPs) ).
١٩ -کۆبوونەوەکە یان لە ئۆفیسەکە یان لە کافتریاکە بەڕێوە دەچێت. (ڕێکخستنی فرێزی ئەم ڕستەیە پێشناوییە (PPs) ).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٣ ـلێکدەری "بەڵام"**

لێکدەری "بەڵام" بۆ پیشاندانی دژبەری یان جیاوازی بەکاردێت، کە دەکرێ لە بری [ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەڵ ئەوەشدا کە] بەکاربێت، دەتوانێت ڕێکخستنی فرێزی ناوی(NPs) ، یان ڕێکخستنی فرێزی کاری(VPs) ، یان ڕێکخستنی فرێزی پێشناوی (PPs)بکات، نموونە :

٢٠ -حەزم لە قاوە هەیە، بەڵام حەزم لە چا نییە (NP ).
٢١ -گۆرانی دەڵێت، بەڵام سەما ناکات(VP ).
٢٢ -پشیلەکە خۆی شاردۆتەوە لە ماڵەوە، بەڵام لە منەوە دیارە (PP ).

**واژەگۆکەری تەواوکاری**

واژەگۆکەری تەواوکاری(Relative particle) لە زۆر زمانەکاندا بنەمایەکی گرنگی دروستکردنی ڕستەی ئاڵۆزن. گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە ئەوان ئەو توخمانەن، کە پرۆژەسازدەری ڕستەی ئاڵۆز پێکدەهێنن، لە چوارچێوەی تیۆری زمانەوانیی مۆدێرندا، سەرەری زمانی لەناو فرێزەکاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی(Yule,2010,107) ، فرێزی (CP) لە زمانی کوردیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پارتیکڵەکاندا هەیە، بە جۆرێک کە پارتیکڵەکان سەرەری زمانی و بەرهەمهێنی پرۆژەکەن و ڕستەکەش وەک تەواوکەر دەکەوێتە ڕۆڵێکی سینتاکسییەوە. "بە پێچەوانەی پارتیکڵەکانی (وەک "و"، "بەڵام"، "یان")، کە برگەی یەکسان لە گرنگیدا دەبەستنەوە، پارتیکڵە وابەستەییەکان پێکهاتەیەکی پلەبەندی دروستدەکەن. لەم پێکهاتەیەدا، برگەی لاوەکی بۆ تەواوکردنی مانای خۆی پشت بە برگەی سەرەکی دەبەستێت"(سعید،١٠،٢٠٢٥). پرۆژەی(CP) ، کە لە زمانی کوردیدا پەیکاڵی ڕستەیەکی شوێنکەوتووە/ڕستیلەیەکە، دروستەیەکی نائازادە و سەربەخۆییی بەکارهێنانی نییە، بەڵکو بە شکاندنەوەی لەناو پرۆژەی دیکەدا، ڕێگەپێدانی بۆ فەراهەمدەکرێت. بە واتایەکی دیکە، لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا (CP) ڕستەیەکی شوێنکەوتووە، کە لەڕووی سینتاکسی و واتاییەوە وابەستەی ڕستە سەرەکییەکەیە و لەناویدا دەشکێتەوە.( والی،٨٨،٢٠٢٤)

پارتیکڵ[C]لەو بەشانەی زمانن، پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی ڕستە دروستدەکەن، لە رووی ژمارە و کەسەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەمان گرنگترینیانن و زۆرترین توێژینەوەیان لەسەر کراوە. تەواوکەری ڕستەیی، کە لەلایەن پارتیکڵەکانی (کە ، ئەگەر، بۆیە، چونکە، هەتا، لەبەرئەوەی،...) دروستدەبێت، ئەم وشانەیە، کە ڕستەی لاوەکی دەبەستێتەوە بە ڕستەی سەرەکییەوە. بێبەشن لە ناوەڕۆکی وشەیی، دەتوانن لە پێش، دوای، یان ناوەڕاستی ڕستەی سەرەکی دەربکەون، پەیوەندی نێوان ئەم پارتیکڵانە و ڕستەی لاوەکی ئەوەیە، کە پارتیکڵەکان خۆیان ئاماژە بە هیچ توخمێک ناکەن، بۆیە پێویستی بە ڕستەیەک هەیە/ڕستەی لاوەکی، تا بە ڕستەی سەرەکی ببەستێتەوە و ئەرکی خۆیان ببینن لە تەواوکردنی واتا و ناساندنی بکەری پێش خۆیان ، وەک:

٢٣ -کتێبێک دەخوێنمەوە، کە سودی هەیە.

لێرەدا دەمەوێ ڕۆشنایی بکەمەسەر پارتیکڵی [C]و ڕۆڵیان لە سینتاکسدا ، بە تایبەت وەک سەرۆکی(CP)پرۆژەی تەواوکەر. ڕۆشنایی دەکەینەسەر مێژووی گەشەسەندنی چەمکی پارتیکڵ لە تیۆریی زمانەوانیدا، چۆنیەتی پرۆژەسازدانی، پەیوەندییان لەگەڵ TP، IPوAgrP ، هەروەها ڕۆڵی پارامێتەرەکانی سەری پرۆژە، هەروەها ڕۆڵی پارتیکڵەکان لە جوڵەی توخمەکانی بکەر و بەرکار لە ڕستە .

**بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکانی پارتیکڵ**

پارتیکڵەکان لە ڕووی سینتاکسییەوە بەرهەمهێنەری CP / (Complementizer Phrase)پرۆژەی تەواوکەرن. لە چوارچێوەی تیۆریی X-bar، پارتیکڵەکان وەک سەری ($C^0$) کاردەکەن، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی گەورەتری CP.ئەم بەرهەمهێنانە بەپێی فۆرمەڵەی گشتی تیۆریی X-bar ڕوودەدات:

$C' \rightarrow C^0\ TP/IP$
$CP \rightarrow Spec\ C'$

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەم پێکهاتەیەدا:

$C^o$-پارتیکڵی تەواوکەر وەك: (ئەگەر، بۆیە، چونکە،...)
AGRP/TP/IP- پرۆژەی کات/ئینفلێکشن، و ڕێکەوتن، کە وەک تەواوکەری پارتیکڵەکە کاردەکەن(Haegman,1994,120)

**- پرۆژەسازدان لەلایەن پارتیکڵەکانەوە**

پارتیکڵەکان ($C^o$) ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی فریزی تەواوکەر (CP) دەگێڕن:

پێکهاتەی بنەڕەتی:
پارتیکڵ ($C^o$) دەبێتە سەرۆکی CP .
$C^o$تەواوکەرێک وەردەگرێت (ئاساییانەAGRP ).
CPلە یەکگرتنی $C^o$ لەگەڵ تەواوکەرەکەی و Specifier دروست دەبێت.

پارتیکڵ وەک توخمێکی فەرهەنگی $X^o$ کاردەکەن بۆ هەڵاوێرکردنی تەواوکەرێکی سینتاکسی لە جۆری ڕستەی سادە. ئەم تەواوکەرە سینتاکسییە خورتی نییە (واتە داواکراوە)، چونکە لە ناواخن فەرهەنگی سەرەی $C^o$ دا وەک زانیاری تایبەت هەڵگیراوە.(سەعید، ٢٠٢٥،١٠-١١) سێ یاسای سەرەکی لە پرۆژەسازدانی سەری ئەرکی$C^0$ ڕوونکردووەتەوە:

یاسای یەکەم - $C^o$ + [Y]: پەیوەندی نێوان تەواوکەری ڕستەیی و پارتیکڵ
یاسای دووەم - $C^o$ + [AGRP]: پەیوەندی نێوان پرۆژەی ڕێککەوتن و سەرە
یاسای سێیەم CP - $C^o$ + AGRP ----⟵ CP: وەک بەرهەمی یەکگرتنی AGRP و$C^o$

نموونە:

[CP [Spec-CP] [C' [$C^o$ that] [TP John likes Mary]]]
لێرەدا "that" وەک پارتیکڵی تەواوکەر ($C^o$) سەرۆکایەتی CP دەکات، "John likes Mary" TPتەواوکەرەکەیەتی CP دروستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لابردنی، دروستەکە دەکاتە پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی ڕستەیی. پارتیکڵەکان وەک "کەتیگۆریەکی سینتاکسی-ئەرکی" کار دەکەن و جڵەوی کۆی پرۆژەکە دەگرن.

**پارتیکڵ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕستەی پێش و دوایی خۆیدا**

بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە پارتیکڵ سەر بە کام ڕستەیە (پێشەوە یان دوای خۆی) دەتوانین چەند تاقیکردنەوەی سینتاکسی ئەنجامبدەین:

١ -تاقیکردنەوەی پێکەوەبەستن:(Constituency Test)
٢٥-ا. I believe [that he is smart] (من باوەڕم وایە، کە ئەم کوڕە زیرەکە).
لە ڕستەی(٢٥-ا) تاقیکردنەوەی پێکەوەبەستن دەریدەخات، کە "that he is smart" وەک یەک پێکهاتە (constituent) هەڵسوکەوت دەکات.
ب- [That he is smart] is obvious.
پ- What I believe is [that he is smart].
ئەم تاقیکردنەوەیە پێشانیدەدات، کە پارتیکڵەکە (that) سەر بە ڕستەی دوای خۆیەتی و پێکەوە پرۆژەی CP دروستدەکەن.
٢ -تاقیکردنەوەی جووڵە:(Movement Test)
٢٦ -[That he lied], nobody believed.
لێرەدا CP بە تەواوی جووڵاوە، کە نیشانیدەدات پارتیکڵ و ڕستەی دوای پێکەوە یەک پێکهاتەن.
٣ -لێکدانەوەی ڕستەیی:(Clausal Analysis) لە ڕووی پێکهاتەی سینتاکسییەوە:
٢٧-[CP that [TP he is smart]]

لێرەدا "that" سەرۆکی پرۆژەی CP یە، کە "he is smart" TP وەک تەواوکەر وەردەگرێت. بە پێی ئەم بەڵگانە، پارتیکڵ سەر بە ڕستەی دوای خۆیەتی و پێکەوە پرۆژەی CP بەرهەمدەهێنن(carnie,2013,77-75)، لە زمانی کوردیشدا پرۆژەی CP

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پرۆژەیەکی سەر سەرەتایە،"هاوشێوەی پێشناوە سینتاکسییەکان، واتا هەمیشە وەک ئارگومێنت-داواکەر جێکەوتەی لای ڕاست دەگرن، بەوەش تەواوکەرەکانیان جێکەوتەی لای چەپی دروستەکە پڕدەکاتەوە، هەر بۆیە سەرسەرەتایی پارتیکڵ، وادەکات جێکەوتەیەکی چەسپاو و نەگۆڕی هەبێت"(سەعید،١٦٨،٢٠١٩)، ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە پارتیکڵ سەر بە ڕستەی دوای خۆیەتی، بۆ نموونە:

٢٨-ا-من نەچووم بۆ سەیران، چونکە باران دەباری.
ب- هاوین هات، بۆیە کەش و هەوا گەرم بووە.

هەریەک لە ڕستەکانی(٢٥،٢٦،٢٧،٢٨) ڕوونیدەکاتەوە، کە پارتیکڵ لەگەڵ ڕستە لاوەکییەکە تێکەڵبووە و لە ڕستەوە کردوویتی بە ڕستیلە، چونکە بەتەنها واتایەکی دروستیان نییە، وەک لەم دەربڕوانەی ناو ڕستەکاندا دیارە(چونکە باران دەباری)، (بۆیە کەش و هەوا گەرم بووە)، بۆیە دەتوانین بڵێین هاتنی پارتیکڵەکان هەمووکات بە خورتی نییە.

**پەیوەندی پارتیکڵ لەگەڵ پارامێتەرەکان**

لە چوارچێوەی بنەما و پارامێتەرەکان (Chomsky,1981,115) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە لە کاتێکدا بنەما ڕستەسازییەکان لە سەرانسەری زمانەکاندا گشتگیرن، پارامێتەرەکان گۆڕانی زمانەوانیی نێوان زمانەکان پیشاندەدەن. پارامێتەرەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی کارلێککردنی توخمەکانی وەک CP (فرێزی تەواوکەر) لەگەڵ پێکهاتەی ڕستەسازیدا هەیە. لەهەمانکاتدا"پارامێتەریCP دیاریدەکات، کە زمانێکی دیاریکراو چۆن مامەڵە لەگەڵ دروستبوون و هەڵسوکەوتی فرێزی تەواوکەرەکاندا دەکات، کە کاریگەری لەسەر هەردوو پێکهاتەی ڕستەسازی و ڕێکخستنی وشەکان دەبێت(Rizzi,1997,291)"، لە ڕێزمانی گواستنەوەدا، بە تایبەتی لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە و بەرنامەی مینیمالیستیدا، CPلە سەرەوەی پێکهاتەی ڕستەدا پێشبینیدەکرێت و بە شێوەیەکی گشتی زاڵە بەسەر TP و .VP بەڵام بوونی و پێگە و کارلێککردنی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا، کەوتوتە ژێر گۆڕانکاریی پارامێتەری لە سەرانسەری زمانەکاندا.

کەواتە پەیوەندی پارتیکڵ لەگەڵ پارامێتەرەکانی ڕەوشی سەر کاریگەری لەسەر جێگەی پارتیکڵ لە زمانە جیاوازەکاندا هەیە:

١. زمانە سەر-سەرەتاکان:(Head-initial Languages)
لە زمانێکی وەک ئینگلیزی ، پارتیکلەکان لە سەرەتای CP دێن
٢٩ -نموونە ئینگلیزی[C that [TP she left]]
بابەتی پارتیکڵ لە زمانی کوردی دەچێتە قاڵبی زمانە سەرسەرەتاکان، چونکە پرۆژەیەکی ئەرکی سەرسەرەتایە، نموونەی کوردی [C ئەگەر [TPمن هاتم]]
٢. زمانە سەر-کۆتاییەکان:(Head-final Languages)
- لە زمانەکانی وەک ژاپۆنی، پارتیکڵەکان لە کۆتایی CP دێن
٣٠ -نموونە ژاپۆنی[[TP Tanaka-ga kita [C to]]

سەبارەت بە ڕۆڵی CPو جۆرەکانی؛ لە کاتێکدا CP دەبێتە تەواوکەری VP ئەو کاتەیە، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن کردارەوە هەڵدەبژێردرێت و وەک ئارگومێنتێکی سەرەکی کاردەکات،

٣١-من دەزانم [کە ئەو ڕۆیشت].

لێرەدا، " CPکە ئەو ڕاستگۆیە" ڕاستەوخۆ تەواوکەری کاری "دەزانم"ە ، بەشێکی سەرەکی پێویستە لە ڕستەکەدا. ئەم جۆرە CPیە وەک ئۆبجێکتی/بەرکاری کارەکە کاردەکات و ناوەڕۆکی سەرەکی کارەکە پڕدەکاتەوە.(Chomsky,1981,145)
هەروەها دەکرێت تەواوکەری خورتی(Heavy Complement) بێت، تەواوکەری خورتی (یان دەرەکی) ئەو CP یەیە، کە قورسە یان ناوەڕۆکی زیادە زیاددەکات.

٣٢ -کە کاتی فلمەکە هات، دایکم خەوی لێکەوت
زۆرجار دەکرێت لە شوێنی ڕەسەنی خۆی بجوڵێت، بۆ نمونە
٣٣] -ئەگەر زۆر بخەویت]، ماندوو دەبیت.
أ- ماندوو دەبیت، [ئەگەر زۆر بخەویت].

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ب- [ئەگەر زۆر بخەویت]، ماندوو دەبیت.
پ- زۆر بخەویت، ماندو دەبیت
٣٤ -سەرکەوتوو دەبیت، [ئەگەر بە باشی بخوێنیت].
أ- [ئەگەر بە باشی بخوێنیت]، سەرکەوتوو دەبیت.
ب- سەرکەوتوو دەبیت، [ئەگەر بە باشی بخوێنیت].
پ- سەرکەوتوو دەبیت، بە باشی بخوێنیت .

کاتێک CP یەکە زۆر درێژە یان ئاڵۆزە، زمانەکان مەیلیان هەیە ئەو CP یانە بخەنە کۆتایی ڕستە بۆ ئاسانکردنی پرۆسێسکردن. ئەمەش بەپێی پارامێتری زمانەکان دەگۆڕێ: هەندێک زمان ئەم دەرەکیکردنە پێویستە، هەندێکیش ئارەزوومەندانەیە(Chomsky,1981,145)،(Radford,2004,271)، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، پارتیکڵ هەر بە سەری پرۆژەی CP دەمێنێتەوە، پەیرەوی پارامێتەری سەر سەرەتا دەکات .

ئەوەی جێی سەرنجە هەندێکجار دروستبونی پێکهێنانی ڕستەی ئاڵۆز لە دوو ڕستەی ئائازاد لە زمانی کوردیدا بە هۆی بەکارهێنانی پارتیکڵەکانەوە ڕوودەدات، لەوانە (بۆیە، هەتا، چونکە، لەبەرئەوەی، هەرچەندە،...). ئەم پارتیکلانە جێگەوتەی تەواوکەر پردەکەنەوە و دەبنە دەستپێکی ڕستەکان. تایبەتمەندی سەرەکی ئەم جۆرە ڕستانە ئەوەیە، کە هەردوو جێگەوتە بە تەنها ڕێگاپێنەدراون و لە ڕێگای شکانەوەیان لەناو یەکدا، بە دوو پارتیکڵی وەک (بۆیە...هەتا) یان (چونکە/لەبەرئەوەی) دوو جێگەوتەی چەسپاوی خۆیان پردەکەنەوە، هەرچەندە هەندێک لەم پارتیکلانە وەک (بۆیە...چونکە/لەبەرئەوەی) ئەگەری ئاڵوگۆڕکردنیان هەیە بەپێچەوانەی ئەوانی تر(مەعروف، ٢٠٠٩،١١٠).بۆ نمونە:

٣٥ -هەرچەندە ماندووم، بەڵام ئامادەم.
٣٦ -لەبەرئەوەی دەنگ نەکرابووم، بۆیە نەهاتم بۆ ئاهەنگەکە.

**ئەنجام:**

١- لە سینتاکسدا پارتیکڵەکان، سەرەڕای نەبوونی تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی گەردانکردن، وەک specifier، modifier یان head لە چوارچێوەی تیۆری X-bar دا ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی فرێزەکاندا دەگێڕن.
٢- لە چوارچێوەی واتاسازی و سنووردارکردندا، پارتیکڵەکان مانای وشەی سەرەکی ڕوونتر و سنووردارتر دەکەن لە فرێزی ناو (NP)، کردار (VP) و تەواوکەر (CP) دا. کە جگە لەم بەشداریکردنە، واتا و واتای پراگماتیکیشیان هەیە.
٣- پارتیکڵەکانی نەرێکردن "نا" و "نە" وەک سەرەی فرێزی نەرێکردن (NegP) یان specifier/adjunct لەناو TP/VP دا کاردەکەن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر جەمسەرگیری ڕستە هەیە.
٤- پارتیکڵەکانی بەستنەوە (و، بەڵام، یان) لە ڕێگای پێکهاتەی (X + Conj + X) فرێزی بەستنەوە (ConjP) پێکدەهێنن، کە فراوانکردنی فرێزە هاوشێوەکان ڕێکدەخات.
٥- پارتیکڵەکانی (کە، ئەگەر، بۆیە، چونکە،...)وەک Complementizer لە پرۆژەی''CP''دا کاردەکەن و پەیوەندی نێوان گوتار و سیاقی گفتوگۆ دیاریدەکەن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## سەرچاوەکان

### أ- بە زمانی کوردی


- ئەمین.بیان مەلا حمد و عەلی.تالیب حسێن،(٢٠٢٣)، فرەواتایی پارتیکڵ لە زمانی کوردییدا،گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٧، ژمارە١،ل(٣٢٧-٣٤٥).
- حاجی، ڤیان سلێمان، (٢٠٠٩). کەرستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەروو)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- حسێن، شیلان عومەر.(٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- دزەیی، عبدلواحید موشیر، (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحێد موشیر.(٢٠١٤)، واتا و یاسا لۆجیکییەکانی هەندێ لە ئامرازەکانی بەستن لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی لۆجیکییە، مجلـه الجامیعه/کرکوك للدراسات الآنسانییه، المجلد ٩، العدد١.
- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حسێن.(١٩٩١)، ناکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.
- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حسێن.(٢٠٠٥)، پوختەی وردی ڕستەسازیی کوردی، هەولێر.
- ڕەشید، طە ڕەحیم.(٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- سعید، سازان زاهیر، (٢٠٢٥)، پرۆژەی واژەگۆکەری لە زمانی کوردیی شێوەزاری سلێمانییدا، مجلە جامعە التنمیەالبشریە، مجلد ١١، عدد(١)، ل١٠-١٨.
- سەعید، سازان زاهیر.(٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- شوانی، ڕەفیق محەمەد محێدین.(٢٠٠٣)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- شوانی، ڕەفیق.(٢٠١٣)، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، چاپی یەکەم، هەولێر.
- قادر، ئەبوبەکر عمر(٢٠٠٧)، پارتیکڵ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB ، ژمارە (٢٢)، ل(٢٧-٤٨).
- قادر، سەباح ڕەشید، (٢٠٠٩). هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- قادر، کاروان عومەر.(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- محەمەد، حاتەم ولیا،(٢٠٠٩). پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- مستەفا، ڕەزامستەفا.(٢٠١٥)، ڕۆڵی ئامرازی پەیوەندی لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٨)، ل٣٣-٥١.
- مەعروف، عبدولجەبارمستەفا مەعروف.(٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- مەعروف، عەبدلجەبار مستەفا.(٢٠١٠)، دروستەی فرێزلەزمانی کوردییدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کردۆلۆجی، سلێمانی.
- میراودەلی، کەمال(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ریزمانی کوردی، چاپی یەکەم، سلیمانی: مەڵبەندی کوردولوجی.
- والی، هەژار حسێن، (٢٠٢٤). پارامێتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان.


### ب- بە زمانی عەرەبی


- شحدة، جهاد، موسي، محمد (٢٠٠٣)، مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثانية الاردن: دار وائل للنشر.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ب- به زمانی ئینگلیزی

Bloomfield, L. (1933) Language. 1st edn. New York: Henry Holt and Company.
Bussmann, H. (1996) Routledge Dictionary of Language and Linguistics. Translated and edited by G.P. Trauth and K. Kazzazi. London: Routledge.
Carnie, A. (2002) Syntax: A Generative Introduction. 2nd ed. Oxford: Blackwell.
Carnie, A. (2013) Syntax: A Generative Introduction. 3rd ed. Oxford: Wiley-Blackwell.
Chomsky, N. (1957) Syntactic Structures. 1st edn. The Hague: Mouton & Co.
Chomsky, N. (1970) 'Remarks on Nominalization'. In: R.A. Jacobs and P.S. Rosenbaum (eds.) Readings in English Transformational Grammar. Waltham, MA: Ginn, pp. 184–221.
Chomsky, N. (1981) Lectures on Government and Binding. Dordrecht: Foris Publications.
Crystal, D. (2003) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 5th edn. Oxford: Blackwell Publishers.
Ebong, S.E., Okon, I.E. and Enang, E.T. (n.d.) Negation in Nigerian English: A Study of Deviation from the Norm. AKS College of Education, Afaa Nsit; AKS College of Arts & Science, Nung Ukim; Akwa Ibom State University, Obio Akpa.
Emonds, J.E. (1985) A Unified Theory of Syntactic Categories. 1st edn. Berlin: Walter de Gruyter.
Haegeman, L. (1994) Introduction to Government and Binding Theory. 2nd edn. Oxford: Blackwell Publishers.
Haegeman, L. (2006) Thinking Syntactically: A Guide to Argumentation and Analysis. Malden, MA: Blackwell Publishing.
Haegeman, L.M.V. (1995) The Syntax of Negation. Cambridge: Cambridge University Press.
Halliday, M.A.K. (1994) An Introduction to Functional Grammar. 2nd edn. London: Edward Arnold.
Haumann, D. (1997) The Syntax of Subordination. 1st edn. Amsterdam: John Benjamins Publishing.
Jackendoff, R. (1977) X-bar Syntax: A Study of Phrase Structure. 1st edn. Cambridge, MA: MIT Press.
Jakobson, R. (1971) Selected Writings: Word and Language. 1st edn. The Hague: Mouton.
Matthews, P.H. (1997) Oxford Concise Dictionary of Linguistics. Oxford: Oxford University Press.
Matthews, P.H. (2007) Concise Dictionary of Linguistics. 2nd edn. Oxford: Oxford University Press.
Mccarus, E.N. (1985) 'Kurdish Language Studies'. In: P.G. Kreyenbroek and S. Sperl (eds.) The Kurds: A Contemporary Overview. London: Routledge, pp. 75–98.
Poole, E. (2021) 'Structure in TP and CP', LING 200B, 1 December.
Radford, A. (1988) Transformational Grammar: A First Course. Cambridge: Cambridge University Press.
Radford, A. (2004) Minimalist Syntax: Exploring the Structure of English. Cambridge: Cambridge University Press.
Rizzi, L. (1997) 'The Fine Structure of the Left Periphery'. In: L. Haegeman (ed.) Elements of Grammar: Handbook in Generative Syntax. Dordrecht: Kluwer.
Watters, D.E. (2002) A Grammar of Kham. Cambridge: Cambridge University Press.
Yip, P.-C. and Rimmington, D. (2004) Chinese: A Comprehensive Grammar. London and New York: Routledge.
Yule, G. (2010). The Study of Language (4th ed.). Cambridge University Press.
Zwicky, A.M. and Pullum, G.K. (1983) 'Cliticization vs. Inflection: English n't', Language, 59(3), pp. 502–513. DOI: 10.2307/413900.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)